خستوەتە سەر فەزای ناو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەش. ئەم ڕۆمانە بە ڕووداوی ژیانی کچێک بەناوی «مریەم» کەلە ڕێگای پەیوەندییەکی نـاڕەواوە لەدایک بووە، دەستپێدەکات، نووسەر بە ڕەگەزی پیاوەوە زۆری هەوڵداوە هەتا هەڵسوکەوت و باری کەسێتیی کاراکتەرە ژنەکان بەوپەڕی جوانی و ستائیکاییەو بەرجەستە بکاتەوە و بـەوپـەڕی تواناشەوە لـەم کاریدا سەرکەوتوو بووە.

خالید حوسێنی لەم ڕۆمانەشیدا دیسان باسی لە زۆر چین و توێژی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەفغانستان کـردووە. وەکـو «جـەلـیل» باوکی «مـریـەم»، پیاوێکی دەوڵـەمـەندی خاوەن موڵک و سامان و سینەما کە کۆت و قات لەبەر دەکات و بۆینباخ دەبەستێ، بێجگە لەوەی کە سێ ژنی بە فەرمی هەیە، حزمەتکاری ماڵەکەی کەوتـوەتـە بـەر پـەلاماری هـەوەس و شـەهـوەتـی، کـە بـەرهـەمـی ئەم پەوەندییەش کچێکە بەناوی «مریەم» کە بۆ جەلیل لە شەرمەزاری زیاتر هیچی دی نییە، بەڵام لە هەوڵی ئەوە دایە، وەک باوکێکی میهرەبان لەلای «مریەم» خۆی بنوێنێ. نووسەر لەم بەرهەمەدا کەسایەتیی «جەلیل»ی لە دوو ڕوانگەی ئەرێنێ بەلای «مریەم» و نەرێنی بەلای «نانا»وە بە جوانی دەخاتەڕوو و بەرجەستەی دەکات. دووەمین کارەکتەری پیاوی ناو ئەم ڕۆمانە «ڕەشید»ەو پیاوێکە لە چینی تێونجیی، هـاوسـەر و کـوڕەکـەی لـەدەسـتـچـووە و بـەتـەمـای ژنێکی دیکەیە، کە کوڕێکی لێ ببێت وجێگای ئەو کـوڕەی بگرێتەوە، کە بەهۆی غەفڵەت و نەزانین و مەست بوونی خۆیەوە لەناو دەریا نوقم بووە. ئەو پێچەوانەی «جەلیل» کەسێکی لات




و شەڕانییە و بە ئاسانی لە بەرانبەر پێکەو ویسنەکانی خۆیدا هەڵوێست دەگـرێـت. کـاتـێـک ویـسـتـەکـانی جێبەجێ ناکرێن، سیما و ڕوخساری ڕاستەقینەی کـە پیاوێکی تـووڕە و تۆسن و خۆپەرستە، دەکەوێتە ڕوو. ڕەشید وێنەیەکی ڕاستەقینەی پیاوێکە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئـەفـغـانـسـتـان. «جـەکـیم» بـاوکـی «لەیلا» مامۆستایەکی خوێندەوارە و ڕۆشنبیرە، بە کەسایەتییەکی جیاواز لە پیاوانی تر، کە ئەویش بەر پاکانەی حکومەتی کۆمۆنیستیی یەکێتیی سۆڤیەت کەوتووە. سەرەڕای ئەوەی کە لە کارگەی ئاردسازی کار دەکات، بـەلام گرنگی بە خوێندنی لەیلای کچی دەدات و ئەوکانەی کە ئاڵیان دەسـەلات بـەدەسـتـەوە دەگـرێـت، لەیلا بە ناچاری واز لە خوێندن و قوتابخانە دەهێنێ، ئەو لە ماڵەوە وانە بە کچەکەی دەڵێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدایە ڕزگاربوون و و پێشکەوتنی ژنان بە خوێندنەوە بەستراوەتەوە، هەروەها ڕزگاریی کۆمەڵگەی نەریتی ئەفغانستانیش بەستراوەتەوە بە ئاسنی فکریی ژنانی ئەفغانەوە. «ناریق» گەنجێکە بە لاقێکی دەسکردەوە، کە ئەمەش بەرهەمی شەڕە ناوخۆییەکانی ئەفغانستانە. ئەو لەدەستدانی لاقەی نابێتە هۆی ئەوەی، کە واز لە خەون و ئاواتەکانی بهێنێ. عاشقی هەڤاڵ و هاوپۆلی دەورانـی خوێندنی خۆی دەبێت. لە کردار و ئاکاری تووندونیژی دۆست و هەڤاڵەکانی دیکەی بەدوورە. پەیوەندیی ئـەو لەگەڵ «لەیلا» لە پەیوەندیی نـێـوان کچ و کوڕێکی ڕۆژئـاوایـی دەچـێ لەناو کۆمەڵگەی ئەفغانستانی نەریتی و یاسا شەریعە زاڵـەکـان بـەسـەریـدا، کـە لەوانەیە ئەزموونی ژیانی نوسەر لە ڕۆژئاوا، کاریگەریی کردبێتە سەر قەڵەمەکەی. لەم گێڕانەوەدا زۆر بە چڕی پەرژاوەتە سەر کەسایەتیی ژن. ڕەگەزی نێری نووسەریش پێش بەوە ناگرن، لەم بارەوە کە جوانترین خاڵەکان نەخرێنە ڕوو و ئـاوڕیـان لێنەدرێتەوە. «فەریبا» دایکی لەیلا کە دوو کوڕی پێچەوانەی مەیلی ڕۆیشتوونەتە بـەرەی شەڕ، بەهۆی خەم و نیگەرانییەوە، تووشی خەمۆکی بووە و هەموو کاتی خۆی بەتەنیایی و بـەدوور لـە بنەماڵە دەباتە سەر و پاش مەرگی ئەوان، ئیدی ئەو لەلای ژیان هیچ واتایەکی نییە. تەنانەت بیر لە خۆکوژیش دەکاتەوە. نووسەر بەوپەڕی جوانی و ستائیکاوە کاریگەری و زەبر و زەنگی پیاوسالاری، بەرز نرخاندنی منداڵی کوڕ لە ڕۆحی ژنانی ئەو کۆمەڵگە وێنا دەکات، کە واقیع و ڕاستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەفغانییەکانە. زۆر بەرز و بەهێز پەرژاوەتە سەر پێگەی و کەسایەتیی مریەم. زۆڵە کچێک کەلە کاتی منداڵییەوە لە داوێنی سروشت باڵای کردووە و بە زەینێکی ئاڵۆز و ئاوارەوە لەبارەی ڕاستیی و دروستیی قسەکانی داکیی (نانا) و باوکی (جەلیل)

بڕیار و قـەزاوەت بکات. ئێڕوانینی نهێنی و زووتـێـپـەڕی باوکی کەلە پشتی پەردەوە حەزی لێ نییە، ئەو لە ماڵەکەی بمێنێتەوە، دوای ئەوەش خۆکوژیی دایکی و ناچارکردنی بەوەی مێرد بە «ڕەشـیـد» بکات، لەلایەن ژنەکانی «جـەلـی»ەوە، دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسایەتیی مریەم فۆرمی خۆی بگرێت. ئەو لە پەنای «جەلیل» دانیشتووە و بە کزۆڵی لێی دەپاڕێتەوە، پێش بـەم هـاوسـەرگـیـری لـەگـەڵ ئەو پیاوە بگرێت، کە هاوتەمەنی باوکیەتی، بـەڵام «جەلیل» بێدەنگ بـووە و سەرەنجام مریەم ئێدەگات «هەرکات کە هەناسە دەکێشێ، سەر میزەکە هەڵم دەیگرێت و سیمای ئەو لەسەر میزەکەی بەردەم باوکی پاک دەبێتەوە». ئەو هەستی زۆڵیەتی و ناڕەوا بوونی خۆی، هەتا کاتی ئیعدام کردنی هەر لەگەڵیەتی. «لەیلا» کچێکی پڕ شـەوق و پڕ لە وزە لە داوێنی باوکێکی وەک «حەکیم» گەورە بووە. سەرەنجام تەسلیمی هەست و سۆز و عەشقی خرۆشانی «تاریق» دەبێت، بەڵام خاڵێک لەم پێوەندییەدا لەگەڵ کولتووری کچێکی ئەفغانیدا، زۆر غەریب دەنوێنێ، ئەوەیە کە ئەو دوای تەسلیم بوون لە بەرانبەر هەست و سـۆزی خـۆی و تـاریـق، داخـوازی زەماوەند و هاوسەرگیری لەگەڵ تاریق لەبەر بـارودۆخـی ڕۆجیی دایـک و باوکی قەبووڵ ناکات، ئەم بڕیارەش زیاتر لە بڕیاری کشچێکی ڕۆژئاوایی دەچـێـت، کـە بـە قـەیـرە مـانـەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بەلایەوە نییە، ئەمە کولتوری کچێکی ئەفغانی نییە، کەلە ژێر زەبر و هەژموونیی زاڵی کولتوور و نەریتە سەپێنراوەکانی ئەو وڵاتە دایە.

بـەم پێیە خالید حوسێنی ئەو

**خالید حوسێنی ڕەنج و ژنانی ئەفغان بەهۆی ئەو توندوتیژییە زاڵەی کۆمەڵگەی پیاوسالار لەگەڵیەتی، بە باشی دەربڕیوە هەتا ئەو ئاستەی کە «لەیلا» لە تاقەت و تەحەمول کردنی خۆی لە بەرانبەر کوتەک و لێدانەکانی ڕەشید سەری سوڕدەمێنێ**

ڕەنج و ژنانی ئەفغان بەهۆی ئەو توندوتیژییە زاڵەی کۆمەڵگەی پیاوسالار لەگەڵیەتی، بە باشی دەربڕیوە هەتا ئەو ئاستەی کە «لەیلا» لە تاقەت و تەحەمول کردنی خۆی لە بەرانبەر کوتەک و لێدانەکانی ڕەشید سەری سـوڕدەمـێـنـێ، بـەڵام نـووسـەر لەم ڕۆمانەدا هۆکاری ئەو تاقەت و بڕستە، دەگەڕێنێتەوە بۆ ترس و تۆقاندن. نووسەر هەست و سۆزی دایکێک، هەتا ئەو جێگای دەتوانێ لە گیانی خۆی وەلادەنێ، دەخاتە ڕوو، لەوێدا بەوپەڕی وردەکاری و جوانییەوە لە کاتی هاتنە دونیای دووەمین منداڵی «لەیلا» وێنا دەکات، هەتا ئەو ئاستەی کە لەیلا ئامادەیە بۆ ڕزگارکردنی گیانی منداڵەکەی ـ کە نازانێ کچە یان کوڕ ـ بەبێ دەرمانی بێهۆشی سزاریەن بکرێت و ئەم لەخۆبردوویی و فیداکارییە لـەوپـەڕی عەشق و ئەوینی دایـکـەوە بـۆ منداڵەکەی سەرچاوەدەگرێت، ئەم کارەش تەنیا لە خەسڵەتی دایکان دەوەشێتەوە. لە بەشکانی دیکەشدا دیسان ئەوە لەیلایە لە بەرانبەری ڕەشیددا دەوەستێتەوە و پێش بـە سواڵکردنی کچەکەی دەگرێت و پێشگیری لە شکاندنی کەرامەتی نەفسی کچەکەی دەکات، بەڵام سەرەنجام ئازار و ژان و ئاوی برسیەتی ناچاری دەکەن، منداڵەکەی ئەسپێرێتە خـانـەی بەخێوکردنی منداڵان. لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن ڕەشیدەوە بەسەر هـەردوو ژنەکەدا دەسەپێ، هەروەها ئەو منمانە بەخۆبوونەی مریەم «بـەهـۆی پشتیوانیی لەیلا» لەو لە بەرانبەر شەلاقەکانی ڕەشید، هەروەها پەیبردنی مریەم بە ڕازی «لەیلا» کە «عەزیز»ی کچی بەرهەمی پەیوەندییەکی نـاڕەوا و بەرهەمی عەشقی ئەوە لەگەڵ تاریق، هەروەها هـەسـتـکـردن بـە خـەمـی و ژانـی هاوبەش، دەبێتە هۆی دامەزرانی پەیوەندییەکی دۆستایەتی لە نێوان دوو «هەوێ» کە هەتا ئەو جێگایەی مریەم بۆ ڕزگارکردنی «لەیلا» بە نابەدڵی بووەتە هۆی مەرگی ڕەشید و سـەرەنـجـام دەبێتە قوربانیی پەیوەندیی پیاوسالارنە لە کۆمەڵگەدا. ئەو لە کاتی ئیعدامکردنیدا قسەکانی «نانا»ی دایکی بیردێتەوە: «پەنجەی ئاماژە و تانە و تـەشـەری پیاوێک وەک هێمای جەمسەرێو کەئاراستەی باکور پیشاندەدات، هەمیشە ژنێک دەبینێتەوە».

**سەرچاوە:**
-ماڵپەڕی ڕادیۆ زەمانە